# ڕەوتی ڕەنگی هاوچەرخ لە دیزایینی ناوەوەی فەزا بازرگانیەکان (هەولێر بەنمونە)

الوند دلشاد نجیب[١]، الحکم محمد ابراهیم[٢]

[١،٢] بەشی شێوەکاری، لقی دیزایینی ناوەوە، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سلاح الدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە پەرەسەندنی ڕەوتی ڕەنگی هاوچەرخ لە دیزایینی ناوەوەی فەزا بازرگانیەکان دەکۆڵێتەوە، توێژینەوەکە پێکهاتوە لە چوار بەش، بەشی یەکەم (میتۆدی توێژینەوەیە) کە بۆ کێشەی توێژینەوە ئەم پرسیارانە خراوەتە ڕو: ئایا ڕەنگی هاوچەرخ کاریگەری ڕوناکی دەستکردی لەسەرە وە لایەنی دەرونی بەکارهێنەران فەراهەم دەکات؟ ئایا هاوکارن لەسەر ناسنامەی فەزاکان؟، هەروەها گرنگی توێژینەوەکە بریتیە لە تیشک خستنە سەر کارلێککردنی مرۆڤ لەگەڵ فەزای بازرگانی، وە ئامانجی توێژینەوەکە بەدیارخستنی تەکنیکی ڕەنگ بۆ دروستکردنی ناسنامە و کاریگەریی لەسەر لایەنی دەرونی بەکارهێنەر.  وە ڕۆڵی ڕوناکی دەسکرد لەسەر ڕەنگ، سنوری شوێنی فەزای کافتریاکانی شاری هەولێرە، وە چوارچێوەی تیۆری بریتین لە: یەکەم ڕەنگی هاوچەرخ و پەیوەندییەکانی بە دیزاینی فەزای ناوەوە، ئەویش پێکهاتوە لە هەستپێکردن و بەردەوامی لە ڕەنگ، ڕەوتی ڕەنگ و ناسنامە، دژایەتی ڕەنگ پەیوەندی ڕەنگ بە توخمەکانی تر، ڕەنگ و پەیوەندییەکانی بە ئەزمونی دیزایینەر، کاردانەوەی ڕەنگ لە فازای ناوەوە، وە بەشی دووەمیش بریتیە لە ڕەوتی ڕەنگ و کاریگەریی بینراو لە فەزای ناوەوەی هاوچەرخ وەک کاریگەریی ژینگە لەسەر ڕەوتی ڕەنگی هاوچەرخ، ڕۆڵی ڕوناکی دەستکرد لەسەر ڕەوتی ڕەنگی هاوچەرخ، ڕەنگ و کاریگەرییەکانی لەسەر لایەنی دەرونی بەکارهێنەر، ڕۆڵی پێشکەوتن لەسەر ڕەوتی ڕەنگی هاوچەرخ، وە بەشی سێیەم پێکهاتوە لە وەسف و، وە بەشی چوارەم پێکهاتوە لە ئەنجام و دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیاز، وە گرنگترین ئەنجام و دەرئەنجامەکان بریتین لە: ڕەنگی هاوچەرخ دورن لە پالێتە تەقلیدیەکان، ڕەنگ هۆکارێکە بۆ دەستنیشانکردنی ناسنامەی فەزا بازرگانیەکان و کاریگەریەکی دەکاتە سەر لایەنی دەرونی بەکارهێنەر، ڕەنگی کۆنتراست زیاتر بەکار دەهێنرێت لە فەزا بازرگانیەکان، ڕوناکی دەستکرد هاوکارە لە سەر ڕەنگ. وە پێشکەوتنی سەردەم یارمەتیدەری ڕەنگی هاوچەرخە.

**وشە سەرەکییەکان:** ڕەوت، ڕەنگ، هاوچەرخ، دیزاینی ناوەوە، فەزا بازرگانییەکان.

## بەشی یەکەم:  میتۆدی توێژینەوەکە:

### یەکەم: کێشەی توێژینەوە:

ڕەنگ بە یەکێک لە توخمە گرنگەکانی دیزاین دادەنرێت، بەهۆی کاریگەرییەکانی لەسەر هەستی مرۆڤ، یان بەهۆی ئەو هێزەی کە هەیانە لە کاریگەریکردن لەسەر ئەو شوێنانەی کە دیزاین دەکرێن و هەستی بەهای جوانی دەبەخشێتە فەزاکانی ناوەوە. ئەو توخمە لە ڕوی سۆزداری و دەرونییەوە سەرسامان دەکات، وەک ئامرازێکی سەرەکی دیزایینی ناوەوە بەکاردەهێنرێت بە بەستنەوەی بە سومبلی بازرگانی دیاریکراو.

ڕەنگ هۆکارە بۆ سەرنج ڕاکێشی بینەر و هاندانیان بۆ زیاتر بەکارهێنانی ئەو فەزایانەی کە بازرگانیان لێ دەکرێت، بە تایبەت فەزای کافتریاکان، وە لە ڕێگەی ڕەنگ دەتوانرێت سومبلی براندێکی تایبەت بەدەست بهێنی و بەکارهێنەر ئاشنا بکەیت لەسەر فەزاکە، بە هۆی شێوازی ڕەنگ و تێکەڵ کردنیان، وە لە سەردەمی هاوچەرخدا کۆمەڵگەی توێژینەوە فەزای بازرگانی کافتریاکان بەشێوەیەکی بەرچاو بەکار دەهێنرێت، کە بەکارهێنەر بۆ ماوە بەسەربردن و ئاسودە بونی ڕو لەم شوێنانە دەکەن. وە بەهۆی نەبونی بنەمایەکی زانیاری لەسەر یاسا و سروشتی پێکهێنانی ڕەنگەکان کە چالاکییەکی بەرچاوی بەکارهێنەران بەدەست دەهێنێت. وە لەسەر بنەمای ئەوانەی سەرەوە، توێژەران بەشێوەیەکی پرسیاری کێشەی توێژینەوەکە دەخەنە ڕو:

- ئایا ڕەوتی ڕەنگی هاوچەرخ لە فەزای کافتریاکان کاریگەریی لەسەر لایەنی دەرونی باکارهێنەران دەکات؟، وە ڕوناکی دەستکردی هاوچەرخ کاریگەری دەکاتە سەر ڕەنگەکانی؟
- ئایا ڕەنگەکان هاوکارن لەسەر بەکارخستنی ناسنامەی فەزای بازرگانی؟

### دووەم: گرینگی توێژینەوە:

تیشک خستنە سەر چۆنیەتی کارلێککردنی مرۆڤ لەگەڵ فەزای بازاڕکردنی ناوەوەی هاوچەرخ بە لێکۆڵینەوە لە کاریگەریی بازاڕکردن لە چوارچێوەی کاریگەریی دەرونی کە

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ١ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٦  ئاب ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ١٧ ایلول ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٥ کانوونی دووەم ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: alwand.najib@su.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ الوند دلشاد نجیب، الحکم محمد ابراهیم، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp1-12

لە یەکێک لە لایەنەکانی هەڵسوکەوت بەدەست دەهێنرێت لە ئەنجامی هەستکردن بە (سەرنج و چێژ وەرگرتن) و (هاندانی بەکارهێنەر بۆ بەکارهێنانیان).

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوە:**

1. بەدیارخستنی ستراتیژیەتی تەکنیکی ڕەنگ لەسەر فەزای بازرگانیەکان، بۆ دروستکردنی ناسنامەیەک بۆ فەزاکە تا توانای پەیوەندیکردنی بینراوی هەبێت.
2. خستنە ڕوی پەیوەندی ڕەوتی ڕەنگ بە ڕوناکی دەسکردی هاوچەرخ لە فەزا وەک ئامرازێکی سەرەکی دیزاینەری فەزا بازرگانیەکان.
3. یەکخستنی ڕەنگ وەک بنەمایەکی بنەڕەتی بۆ دیزاینی ناوەوە و کاریگەریی لەسەر لایەنی دەرونی بەکارهێنەر.

**چوارەم: سنوری توێژینەوە:**

**سنوری بابەتی:** ڕەوتی ڕەنگی هاوچەرخ لە دیزاینی ناوەوەی فەزا بازرگانیەکان- (هەولێر بەنمونە)

**سنوری شوێنی:** فەزای کافتریاکان لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان/ هەولێر.

**سنوری کاتی:** ٢٠١٥-٢٠٢٤

**پێنجەم: پێناسەی چەمکەکان:**

**1. هاوچەرخ (Contemporary):**

**پێناسەی کرداریی:** بەکارهێنانی هاوچەرخ لە ڕوی کرداریەوە دور نییە لە مانای زەمانەوانی، لە پرسە هاوچەرخەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەی نوێ، وە مەبەست لێی ئەو پرسانەیە کە لە سەردەمی ئێستادا ڕویانداوە، کە پێویستی بە گەشەپێدانی هونەری و زانستی هەیە.

**2. ڕەنگ: (Color)**

**پێناسەی کرداری ڕەنگ:** ڕەنگ کاریگەریەکە لە ئەنجامی کارلێککردنی ڕوناکی لەگەڵ فەزای ناوەوە و توخمەکان وە ڕەنگدانەوەیان لەسەر تۆڕی چاو، وە یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی پێکهێنانی پێکهاتەی دیزاین وەک هاندەرێکی بینراو.

**3. فەزای بازرگانی:**

**پێناسەی کرداری:** سەنتەرە بازرگانییەکان شوێنێکن کە جۆرەکانی بازرگانی بە شێوەیەکی گشتی خزمەتگوزارییە ئیداری و کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ دەگرێت، هەمو ئەمانە لە یەک گروپی یەکگرتودا سودی گەورەی بۆ ئەم گرپونەوەیە هەیە، کە ڕەنگدانەوەی لە باشی بەکارهێنانی ئابوری و دابینکردنی کاڵای بەرز دێتە کایەوە.

## بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری

**1. ڕەنگی هاوچەرخ و پەیوەندییەکانی بە دیزاینی فەزای ناوەوە:**

**یەکەم: هەستپێکردن و بەردەوامی لە ڕەنگ:**

لە فەزای بازرگانی هاوچەرخ ڕەنگی بوێر و زیندویان تێدایە. ئەم ڕەنگە زیندوانە نوێنەرایەتی جیابونەوە لە پالێتە تەقلیدییەکان دەکەن، هەستێکی تازە و دینامیکی بۆ فەزاکان زیاد دەکەن. بۆ نمونە خۆڵەمێشی و زەرد بە شێوازی داهێنەرانە بەکاردەهێنرێت بۆ وزەبەخشین و سەرنج ڕاکێشان، چونکە "هاندەری بینراو تایبەتمەندی شێوەیەکی سەرنجڕاکێشە وەک ئەو شێوانەی کە بە ڕەنگی ڕەسەن و تایبەتمەندن چاوی بینەر ڕادەکێشن".(عبداللە، ٢٠٠٨، لا ٤٣)، وەک لە وێنەی (١) دا دیارە .

تاقیکردنەوەی ڕەنگەکان بە هەستیاری ڕەنگەکان دەست پێدەکات. هەستکردن بە ڕوداوێکی فیزیکی ڕاستەقینە نیشان دەدات. چونکە مرۆڤی بەکارهێنەر وەڵامی ئەو هەستە بینراوە دەداتەوە کە لەلایەن ڕوناکیەوە دابین دەکرێت، وە ڕوناکی وەرگیراو لە شەپۆلە دەگمەنەکانیدا جیاوازە، کە هەست بە پلەی ڕەنگەکان دەکات.

هەستکردن پرۆسەیەکی پێوانەکراوە بۆ ئەو کەسانەی کە ڕەنگەکان وەردەگرن بە شێوەیەکی هەستی تاک، کە بە بەردەوامی بینراوی ڕەنگەکان دەردەبڕێت. وە بەردەوامی بینراو بریتییە لە توانای هەستکردن بە ناوچەکانی ڕوناکی و تاریکی و دروستبونی وردەکارییەکان. بە کەمترین بڕی ڕوناکی کە مرۆڤ دەتوانێت بیناسێتەوە. توانای بینینی جیاوازی لە تاریکی و ڕوناکیدا نوێنەرایەتی تیژی بینراوی ڕەنگەکان ناکات، بەڵام تیژی بینایی ڕوناکی هەندێک کەس کە دەتوانن جیاوازی بکەن لە نێوان ڕوناکی و پلە تاریکەکان وە لەوانەیە هەست بکەن لە نێوان پلە جیاوازەکانی ڕەنگ بە هەمان توانا. (Harvey, 2001, p.60)

مرۆڤ چەندین ستراتیژی پرۆسێسکردن بەکاردەهێنێت بۆ لێکدانەوەی زانیارییە بینراوەکان دەربارەی شتەکان، لەوانە بەردەوامی، شێوە، زەمینەسازی و گروپکردن، بەردەوامی، ئەو شتانەی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، لە دوری جیاوازدا، لە ژێر بارودۆخی ڕوناکی جیاوازدا دەبینرێن، لە تێگەیشتنماندا بە هەمان ڕەنگ و هەمان شێوە و هەمان قەبارە دەمێننەوە، بەردەوامی سەقامگیرییەکی زۆرمان پێدەبەخشێت بۆ جیهانی هەستکردنمان، تیۆرییەکان زۆرن سەبارەت بە چۆنیەتی بەدەستهێنانی بەردەوامی (Davidoff, 2000, p. 28). لەلایەن تۆڕی چاوەوە دەگیرێت . وەک لە وێنەی (٢) دا دیارە، کە بەردەوامی لە هارمۆنیەتی ڕەنگدا بەرقەرار کراوە.

**دووەم: ڕەوتی ڕەنگ و ناسنامە (Identity) :**

گرنگترین پرۆسەی دیزاین کردنی شوێنە بازرگانیەکان ناسنامە کردنیتی بەهۆی ڕەنگەوە، کە لە ئەنجامدانی قوولایی فەزاوە دێتە کایەوە، لێرەدا گرنگی ڕەنگ وەک ئامرازێک دێت بۆ پێناسەکردنی فەزا و ڕەهەندی دیزاینەکەی بە لێکۆڵینەوە لە ڕەنگە زاڵەکان و سارد و گەرمەکان کە کاریگەریان دەبێت لە سەر فەزاکە.

هاندانی یادەوەری لە ڕێگەی پەیوەستکردنی ڕەنگەکان بە بیرکردنەوە و ئەزمونەکانی ڕابردو (کاتێک سەیری فەزاییەک دەکەین کە لە ڕوی ڕەنگەوە هەژارە، هەست بەو کاریگەرییە ناکەین و هەستمان ناوروژێنێ، چونکە یادەوەریمان بارگاوی دەبێتەوە بەو ڕەنگانەی کە هەڵیگرتووە لە ڕەنگی سروشتی و هەربۆیە پەیوەندی یادەوەرییەکان خۆی بەسەر ئەوانەدا دەسەپێنێت کە فەزاکە ڕەنگی سروشتیە، بۆیە ڕەوتی ڕەنگەکەمان پێدەناسێنێ کە لە ئەزمونەکانی ڕابردومانەوە وەرگیراوە). (العطیة، ٢٠٠٥، لا ٩٤) وەک ناسنامەی شوێنەکە پێی ئاشنا دەبین.

لە کاتێکدا تایبەتمەندییە فیزیاییەکانی ڕەنگ دەگۆڕدرێن، لە ڕوی فۆرماتیڤیشەوە، پاشان مانا و کاریگەرییەک بۆ ڕەنگەکە هەیە بەپێی ئەو توخمانەی کە تێیدایە، بەکارهێنانی ڕەنگە گەشەکان جیاوازە لە بەکارهێنانی لەگەڵ ڕەنگە ماتەکان، وە ڕەنگە گەرم و ساردەکان هەروەها ڕەنگە زاڵەکان بە بەکارهێنانی سیستەمی ڕەنگی لە پێکهاتەی دیزاینی فەزای بازرگانیدا بەپێی سروشت و کاری شوێنەکە دەگۆڕێت، کە دەبێتە دەرخستنی ناسنامەی فەزاکە، وە توخمەکانی بەپێی بیرۆکەکە و جۆری بەرهەمەکە، وە لەگەڵ وردبینی و هەڵبژاردنی باشی ڕەنگەکان دەبێت، وە ئەو پەیوەندیانە گەشە دەکەن کە وا



وێنەی (١) گەلەری بریوپاب لە كۆلاریس لەلایەن وێنەگری تەلارساز مۆنتینیگرۆ دیزاین كراوە

دەكات... دیزاینی كاری یەكگرتو و لە هەمان كاتدا لەسەر بنەمای پێشنیازی ناسنامەكە دەبێت. كاتێک دیزاینەری ناوەوە شێوەكان بەپێی پەیوەندییە ڕەنگە گونجاوەكان ڕێكدەخات و مانا و دەربڕینەكان بە زیندویی و ڕەوتەكەی فۆرمولە دەكات، بەمشێوەیە جۆرێک لە ناسنامەی بینراو زیاد دەكات، ئەمەش لەبەرئەوەیە كە بەهای ڕەنگ لە حاڵەتێكی پلەبەندی نیشاندەدات، هەروەک چۆن ناسنامەی پەسەندكراوی پێكهاتەكە لە ئەنجامی ڕەنگەوە (تایبەتمەندی، چڕی، بەها) دروست دەبێت، كە زنجیرەیەک گۆڕاوە تاقیكارییە بەردەوامەكان بۆ دیزاینەر بەرهەم دەهێنێت و، پێشكەوتن یان سەرنجڕاكێشی، هەروەها ناسنامەو یادەوەری كاتی و زەمانی دروست دەكات". (العزاوي، ٢٠٠٤، لا ٦٧)، وە ڕەنگێک دەبێتە ناسنامەی كۆمپانیایەک یان فەزایەک، وەک لە وێنەی (٣) دا دیارە،

**سێیەم: دژایەتی ڕەنگ (Contrast) التباین اللوني:**

ڕونی ڕەنگەكان لە ڕێگەی پرۆسەی دژایەتییەوە زیاد دەكات، وە بە هۆی پێچەوانەكانیان كاریگەریان زیاتر دەبێت، وە چەندین چەمكی دژبەیەک هەیە كە لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەیبینین و هەستی پێدەكەین وەک:

سەرەوە، خوارەوە، شەو، ڕۆژ، ڕەش، سپی... بۆیە ئێمە نابێت وەک دژایەتییەک سەیری دووانەییەكان بكەین، بەڵكو وەک تەواوكەرێكی پێویست سەیری بكەین، كە لە ڕێگەی دژایەتییەكە ناسنامەی فەزاكە ڕونتر دەكاتەوە. (كلي، ٢٠٠٣، لا ٦٠-٦١)، وەک لە وێنەی (٤) دا دیارە.

كۆنتراستی ڕەنگەكان لە ئەنجامی گۆڕانی سەرچاوەی ڕەنگ، بەها، یان چڕی دەبێت، هەروەها ڕەنگە لە ئەنجامی یەكتر خستنی ڕەنگەكانەوە بێت كە بینینی دژبەرەكان لە بازنەی ڕەنگەكاندا هان دەدەن، واتە ڕەنگە تەواوكەرەكان پەیوەندی ڕەنگ لەگەڵ تەواوكەرەكەیدا بەرزترین پلەی دەرخستنی دژایەتی بەرجەستە دەكات .وە جۆرەكانی كۆنتراستی ڕەنگەكان نیشان دەدات.(Iteen, 2004, pp 35-104)

**چوارەم: پەیوەندی ڕەنگ بە توخمەكانی تر:**

دیدگای دیزاین، بە دیكۆر و ڕەنگ و ڕوناكی، جوانكارییەكەی لە هاوئاهەنگی و هەماهەنگی نێوان هێڵەكانی دیزاین و خاڵە سەرەكی و لاوەكییەكانی و ئەو ڕەنگانەی كە



وێنەی (٢) دیزاینی كافێ لە دوبەی لەلایەن ئەمجەد سالوم دەزاین كراوە

لەناو ئەم هێڵ و فەزایانەدا هەیە دروست دەبن، وە ئەو لوكس و جۆری ئەو كەرەستانە بەدەست دەهێنێت كە بۆ تیشک خستنە سەری سینۆگرافییەكی تەواو لە ژینگەی ناوەوەی فەزایەک كە ڕوداوە كارایی و ژیانییەكان بە گشتی تێیدا ڕودەدەن. (توخمە بینراوەكانی وەک هێڵ، شێوە، بارستە و ئەو پێشنیازانەی كە ڕوناكی بەرز دەكاتەوە نوێنەرایەتی بەهایەكی ناوەكی لە خۆیاندا ناكەن، بەڵكو بەهاكەیان پەیوەستە بە پەیوەندیی ڕەوتی ڕەنگەوە، كە ئاسانكاری بۆ داهێنەر دەكات بۆ كاریگەریی لە كاری دیزایندا، بۆیە دیزاینەكە تێكەڵ بە ڕۆح و هەست و بیركردنەوەی دیزاینەرەكە دەبێت). (جودی، ٢٠١٢، لا ٥٧)

وە بە هۆی تایبەتمەندییە سەرەتاییەكانی ڕەنگ لە ڕێگەی پەیوەندی توخمە سەرەكییەكانەوە داهێنان بەرپا بكرێت، كە ڕەنگ لە پێش هەمو شتێكەوەیە و تواناى وروژاندنی لە ڕێگەی سیستەمی پێكهاتەیی خۆیەوە هەیە ، كە لە ژێر ڕۆشناییدا بینینی بەكارهێنەر لە ڕێگەی بەستنەوەكەیەوە بە ڕەوتی هاوچەرخ لەگەڵ ئامرازە جیاوازەكانی ڕێكخستن كە بینینەكە دەباتە پێشەوە بە ئاراستەی دیاریكراو و پاشان بەردەوامی جوڵەی لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر ڕێكدەخات، كە كارەكتەری جوڵەیی دەدات بەو فەزا بینراوانەی كە لە بنەڕەتدا هاتووە بۆ دروستكردنی وەهمی جوڵە كە بەكارهێنەر خەیاڵی پێدەكات. (الربيعي، ٢٠١٦، لا ٨).



وێنەی (٣) دیزاینی ناوەوە بۆ شوێنی کارکردن لەگەڵ بەکارهێنانی ڕەنگی شین بۆ ناسینەوەی ناسنامەی کۆمپانیاکە.

وە بەکار هێنانی توخمی هەمە چەشن کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر فەزای ناوەوە دەبێت ، بۆ نمونە بەکارهێنانی توخمی شوشە و ئاوێنە لەناو فەزای ناوەوەدا ڕەنگدانەوەی جیاواز بە فەزاکە دەبەخشێت، وەک لە وێنەی (٥) دا دیارە. وە هەروەها ڕەنگ کاریگەرییەکی زۆری لە نیشاندانی پێکهاتەی ماددەکە بە شێوەی جیاواز هەیە، کە جیاوازە لە شێوە ڕاستەقینەکەی بە کۆنترۆڵکردنی ڕەنگی ماددەکە و کۆنترۆڵکردنی چۆنیەتی شاردنەوە یان پیشاندانی زۆرێک لە تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەکە بە شێوەیەک کە خزمەت بە بیرۆکەی دیزاینەکە بکات، و نیشاندانی ماددەکە بەپێی پەیوەندییەکی فەرمی نوێ کە "پەیوەندییەک لە نێوان تێکسچەر و ڕەنگەکەدا هەیە بۆ نمونە ڕەنگە جیاواز دەردەکەوێت کاتێک تەڕ یان وشک بێت، زبر یان نەرم بێت". (عزام، ٢٠٠١، ل ١٧)

## پێنجەم: ڕەنگ و پەیوەندییەکانی بە ئەزمونی دیزاینەر:

گرنگترین و بەهێزترین و کاریگەرترین توخمە پێکهاتەییەکان لە ڕاکێشان و وروژاندنی بینراودا بەهۆی توانای دروستکردنی هێزی سەرنجڕاکێشە بۆ شێوەکان، وە ڕەنگ تایبەتمەندییەکی ڕواڵەتی هەمو شێوە هەستپێکراوەکانە، ئەمەش یارمەتیدەرە لە جەختکردنەوە لەسەر سروشتی فیزیکی و پێکهاتەی شێوەکان. (شیماء، ٢٠٠٧ ، ل ٣٨)، وەک لە وێنەی (٦) دا دیارە.

کاتێک دیزاینەر فەزایەک دیزاین دەکات، پێویستە سەرەتا سروشتی فەزاکە و ئامانجە کارایییەکەی ببینێت و دواتر درکی پێبکات. وە لێرەوە پێشکەشکردنی لایەنی بینراو لە ئاستی تێگەیشتن بەهۆی چاوەوە دەدۆزینەوە، وەک تایبەتمەندی پێکهاتەکانی جوڵە و ڕوناکی و دیمەن، کە لە مێشکی دیزاینەری ناوەوە دەمێنێتەوە کە چۆن فەزا بازرگانیەکان بگونجێنێت و بیانگۆڕێت بۆ زمانێکی چاکسازی بینراو، بەو پێیەی دیمەنی دیزاینی هاوچەرخ بووەتە زمانێک کە ڕەنگ و فەزا و ئاست و ئەدای بەکارهێنەر تێیدا یەکتر دەبڕن، "بۆیە ئەو دیمەنە وێنەی هەڵدەگرێت کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر وەرگر هەیە، هەروەها بە سیستەمێکی دەربڕین دادەنرێت کە هاوسەنگی مانادار و بەنرخی هەیە" (عقيل، ٢٠٠٨، ل ٢٧٠).



وێنەی (٤)کافێی لاریۆس بە ڕەنگی کۆنتراست، لە شاری مەدرید دیزاین کراوە لە لایەن تۆماس ئالیا

ڕەنگ لای دیزاینەر ئاماژەدار و هاوتەریبە لەگەڵ ئامانجەکانی ئەو ئەرکەی کە پێی سپێردراوە لە دۆزینەوەی سروشتی چالاکییە مەبەستدارەکە لە فەزای بازرگانی، ئەمەش وا لە بەکارهێنەری شوێنەکە دەکات وەڵامی بانگەوازی چونە ژورەوە بدات، یان زیاتر سەردانی کردنی فەزاکە بکەن. واتە "ئامانجی دیزاینەر لە هونەری بینراودا ئەوەیە کە داتای هەستە بینراوەکان بقۆزێتەوە کە هەوڵدەدات کاریگەرییەکانیان لە چاوی بەکارهێنەردا سەرسام بکات." (الربيعي، ٢٠١١، ل ٩٨)

بۆیە سەرکەوتنی فەزاییەکی دیزاین کراو پەیوەستە بە ڕادەی توانای دیزاینەر بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەکارهێنەر و پاڵپشتی ئەم سەرنجە بە کردەی ڕەفتاری و هاندانی بۆ کارلێککردن لەگەڵ ناوەڕۆکی فازایەکە، هەمو ئەمانە دەتوانرێت لە ڕێگەی بەکارهێنانیەوە جێگیر بکرێن بە پەیوەندیی ڕەنگە هاوسەنگەکان، کە لەگەڵ توخمە هەبووەکان و بنیاتنانی گشتی بیرۆکەی فەزاکە دەگونجێت، وە ڕادەی لێهاتویی دیزاینەر توخمەکانی تێکەڵ دەکات بۆ سیستەمێکی یەکگرتو و خەیاڵی، ئەمەش هەمەچەشنی زیاد دەکات بۆ یەکگرتویی بنەڕەتی کارەکە. وە ئەمە کارێکە پەیوەستە بە توانای دیزاینەرەوە، هەروەها بەندە بە هەڵبژاردنی ڕەنگەکان، کە لە سیستەمی گشتی خۆیان جیا دەکرێنەوە، لە دۆخی جیاواز و تایبەتی خۆیان، بۆ دروستکردنی سیستەمێکی نوێ کە تێکەڵیان بکات بۆ بنیاتنانی شێوەی هەمەلایەنی توخمەکان، کە سەرنجڕاکێشە بۆ چاو... لە ڕێگەی پەیوەندیی ڕەنگەکانەوە، کە بە شێوەیەکی لۆژیکی فۆرموڵە دەکرێن، وەک چۆن هەریەکێکیان جێگەی پێویستی خۆی لەناو کارەکەدا دەدۆزێتەوە و بونی ڕەنگێک نابێتە کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر توخمەکای چواردەوری دا. (كلي، ٢٠٠٣، ل ١٢٥).

## شەشەم: کاردانەوەی ڕەنگ لە فازای ناوەوە:

سروشتییە لەگەڵ گەشەکردنی مرۆڤدا، تایبەتمەندییەکانی وێنەی "ڕاستەوخۆ" دەردەکەون، کە لەڕێگەی یادەوەریی ئەزمونە سەرەتاییەکانەوە بەهێزتر دەبن، بەجۆرێک ئەو ڕەنگانەی کە لە دەوروبەرمان بەکاردێت، وەک ستاندەردێک دەبینرێت کە بونی هەیە، ئەو بەشانەی کە ڕوپۆش کراون بە ڕەنگی تایبەت، کەسەکە وردە و کاراتر فێری دەبێت جیاوازی دەکات لە نێوان ئەو ڕەنگانەی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp1-12



وێنەی (٥) گەلەری گاگا کینگ دیزاین کراوە لەلایەن COORDINATION ASIA لە شاری شێنژن/چین




وێنەی (٦) دیزاینی کافێی/ دوبەی دیزاینکراوە لەلایەن AMJAD SALLOUM DESIGNER

دەورووبەری کە بریتین لە ڕەنگی جەوهەری و لاوەکی "کە دەتوانرێت بگۆڕدرێت یان نا. (بلاسم، ٢٠٠٨، لا ٩٧). وەک لە وێنەکانی (٧-٨) دا دیارە.

هەروەها ڕەنگەکان کاریگەرییان لەسەر فەزا و تێگەیشتنەکەی هەیە کە پێشنیازێکی بینراوی وەهمی دروست دەکەن، بۆ نمونە ڕەنگی تۆخ بەرزی و قەبارەی فەزایەکە کەمدەکاتەوە، لەکاتێکدا ڕەنگە کاڵەکان یارمەتیدەرن بۆ پێشنیارکردنی پانایی و زیادکردنی بەرزی و قەبارە. (الصفدي، ٢٠٠٨، لا ٧٢).

هەروەها دەتوانین کۆمەڵێک ڕەنگی ڕونی بینراو دەربهێنین، وەک ئەمانەی خوارەوە:

1. ڕەنگی یەکسان: یەکەکان و تونخەکان ڕەنگەکانیان بە تەواوی لەیەک دەچن و هارمۆنی دروست دەکات.

2. ڕەنگی نایەکسان: بریتیە لە کۆمەڵێک پێکهاتەو توخم کە تێیدا هەمو ڕەنگەکان لەیەکتر ناچن و هەمو قۆناغەکان لەیەکتر ناچن و کۆنتراست دروست دەکات.

3. ڕەنگی ئازاد: بریتیە لەو ڕەنگانەی کە بەتەواوی لەیەکتر جیاوازن، هەروەها تۆنەکانیشی بەتەواوی لەیەکتر جیاوازن و ئەمجۆرە پشت بە داهێنانی دیزاینەرەوە دەبەستێت. (الدرايسة، ٢٠٠٨، لا ١٦٦-١٦٧). وە کاردانەوەی ڕەنگەکان لەسەر هەستەکانمان لە فەزای ناوەوە بریتین لە:

سور: ڕەنگێکی گەرمە، جوڵەبەخشە، کە هەست بە هێز و گرژی و ئیرادەیە.

شین: ڕەنگێکی ساردە، ڕەنگی ئارامی و سەبر و چاوەڕوانی و متمانە و ڕێزگرتنە و ڕەنگی مرۆڤە بیرمەندەکانە.

سەوز: ڕەنگی سروشتیە هەستێکی ئارام  بە فەزای ناوەوە.

وەنەوشەیی: ڕەنگێکی هونەرییە،  ئیلهامبەخشە و ڕۆحییە.

ڕەنگی زەرد: ڕەنگێکی گەرمیە و وزەبەخشە، سەرنج ڕاکێشە.

قاوەیی: ڕەنگێکی نیمچە گەرمە و ڕەنگی پەیوەندییە تارادەیەکیش ئارامە.

سپی: ڕەنگی پاکییە بەکارهێنانی لە فەزای ناوەوە دەبێتە هۆی زیادبونی بەهاکان.

ڕەش: ڕەنگێکی هۆشیاریە، کە مانای کاردانەوەی زۆرەملێ دەدات.

خۆڵەمێشی: ڕەنگێکی ئارامە کە زۆرجار جێگەی شین دەگرێتەوە. پرتەقاڵی: ڕەنگێکی گەرمە کە هێنای پەیوەندی ئەرێنییە لە نێوان خود و ئەوانی تردا، وە کاریگەری بە تەندروستی و چاکبونەوە هەیە. (John, 2003, p. 295, 296)

## 2 .ڕەوتی ڕەنگ و کاریگەری بینراو لە فەزای ناوەوەی هاوچەرخدا:

### یەکەم: کاریگەری ژینگە لەسەر ڕەوتی ڕەنگی هاوچەرخ:

لە جیهانی هەمیشەیی پەرەسەندنی دیزاینی ناوەوە دا، ڕەوتی ڕەنگەکان بەشێکی گرنگ دەگێڕن لە دارشتنی جوانکاری فەزاکان، ڕەوتی ڕەنگی هاوچەرخ ڕەنگدانەوەی ئارەزووەکانی ئێستا و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان و داهێنانەکانی دیزاینەرە، بە تێڕوانینێکی گشتی ڕەنگە بێلایەنەکان هەموکات دەمێننەوە، بەڵام دیزاینی هاوچەرخ بە گۆڕانکاری ورد دەناسێنێت. بێلایەنە گەرمەکانی وەکو بێج و تێراکۆتا بەناوبانگن، قووڵی و ئارامی بۆ فەزاکان زیاد دەکەن. بە وەرگرتنی ئیلهام لە سروشت و تۆنەکانی زەوی وەک ڕەنگی زەیتونی و ئۆکەری و قاوەییە دەوڵەمەندەکان خەریکە دەگەڕێنەوە. ئەم ڕەنگانە پەیوەستن بە دەرەوە و هەستکردن بە خۆشگوزەرانی بەرەوپێش دەبەن، وە ڕەنگی شین و سەوز بەردەوامە لە زاڵبون بەسەر ناوەوەی هاوچەرخدا. لە شینەکانی هێورکەرەوەی ئۆقیانوسەوە تا سەوزە زەنجەفیلەکانی بێدەنگ، ئەم ڕەنگانە ئارامی و ئیسراحەت دەهێننە فەزای جیاوازەوە. (Jack, 2024)

هەروەها مرۆڤ بە پەیوەندی لەگەڵ ئەزمونی پێشوی لێیان تێدەگات، وە تێگەیشتن لە بەکارهێنانی ڕەنگی فەزا لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەرییە بنەڕەتییەکان، کە بریتیە لە:

١. کاریگەرییە مێژوییەکان: ڕۆڵیان لە لێکدانەوەی شێوە و ڕەنگەکان هەیە، کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی دیاریکراو و لەگەڵ گۆڕانی بەستێنە مێژووییەکانیان، مانای ئەو شێوە و ڕەنگانە لەگەڵیاندا دەگۆڕێت.

٢. کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان: کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی لە لێکدانەوەی مرۆڤ بۆ ئەو ڕەنگانەی کە پێشکەشی دەکەن دەگێڕن، وە ڕەنگەکان لە چوارچێوەی کۆنتێکستەکانیاندا لێکدەدرێنەوە بە پشتبەستن بە ئەزمونی کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکان.

٣.  کاریگەرییە فەزاییەکان: جیاوازی ئەو شوێنەی کە زانیارییە بینراوەکەی تێیدا دەردەکەوێت، بەشدارییەکی زۆر دەکات لە گۆڕینی مانای ڕواڵەتی بۆڕەنگەکان. (Julien, 2004, p 45)

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp1-12





وێنەکانی (٧-٨) هونەری مینیماڵیزم، ڕەنگی بێدەنگ، لەگەڵ کاردانەوەی ڕەنگی هەمەچەشن لەگەڵ تۆنی قاوەیی گەرمی بێلایەن، هونەری مۆدێرن، هونەری دیوار بۆ ژووری میوان، نووستن، ئۆفیس، چێشتخانەو کافێ.

بەمپێیە کاریگەریی ڕەنگەکان دەتوانێت کاریگەریی لەسەر ئەو ناوچانەی مێشک هەبێت کە پەیوەندییان بە ئەرکە جەستەییەکان و سۆزدارییەکانەوە هەیە، بەمەش پێویستە دیزاینەر ئەمە لەبەرچاو بگرێت لە دیزاینکردنی فەزای ناوەوە، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی باشی سیستەمی ڕەنگەکانییەوە، بۆ دروستکردنی ڕەهەندەکان یان جەوهەرێک کە لەگەڵ بیرۆکەی بەرنامەکەدا یەکبگرێتەوە. سەرەڕای یەکگرتویی وەرگرتنی مرۆڤ، بەڵام وەڵام و کاردانەوەکانیان بەرامبەر بە ڕەنگەکان جیاواز و جۆراوجۆرن، ئەمەش بۆ جیاوازی نێوان گەلان دەگەڕێتەوە، ئەزمون، ئاستی کۆمەڵایەتی و کەلتوری، و پێداویستییە ئۆرگانیەکان و دەروونییەکان کە پەیوەستە بە کات یان شوێن، وە ئەمەش لە پرۆسەکانی نوێبونەوە یان هاوچەرخ ڕون دەبێتەوە (محمود، ٢٠٠٣، ل١٣٣-١٣٦).

## دووەم: ڕۆڵی ڕوناکی دەستکرد لەسەر ڕەوتی ڕەنگی هاوچەرخ:

لە پاش ساڵانی نەوەتەکان ڕوناکی دەستکرد بووە پاڵپشتێکی زۆر بەهێز بۆ ڕەنگەکان لە فەزای ناوەوە بە ڕوناکی پێشکەوتوی (LED)ی کە هۆشیاریی نوێکردەوە سەبارەت بە توانای ڕوناکی ڕەنگاوڕەنگ, هەروەها گەشەکردنی بەکارهێنانی ڕوناکی ڕەنگەکان پێشکەوتنی لە تەکنەلۆژیای ڕوناکی و سیستەمی کۆنترۆڵدا هێنایە ئاراوە، کە ڕێگەی بە کۆنترۆڵکردنی زیاتری ڕوناکی دا لە ڕوی ڕەنگ و یەکسانی دابەشکردن و شێوە و قەبارەی دامەزراندنەکە و ڕەنگی دەوڵەمەندتر کرد کۆمەڵێک ڕەنگی فراوانتر لە LED ی هاتە کایەوە وەک سور و سەوز و شین، کە یارمەتیدەر بو بۆ شوێنە گشتیەکان وەک کافتریا و چێشتخانە و یانە شەوانیاکان...(Rachel,2008, p. 54) لە کاتێکدا زۆرێک لە نمونەکانی جەستەی ڕوناکی بەردەوام بون لە بەکارهێنانی سەرچاوەی ڕوناکی سپیەکانەوە پێشکەش دەکرا، بەڵام لەلایەن LED، ئارەزوی تاقیکردنەوەی نوێکردوەوە لەگەڵ ڕوناکی ڕەنگاوڕەنگ، کە جەستەی ڕوناکی تەکنەلۆژیای گۆڕینی ڕەنگی بەکارهێنرا کە گۆڕانکاری ڕەنگەکانی تێدا کرا بەو پێیە توانرا ئەزمونی فەزاکان بگۆڕن.
سیفەتە دراماتیکەکانیان هاتنە کایەوە بە هۆی گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگ، کە بۆ ئەو فەزای بازرگانیەکان بەرز دەنرخێنرێن، کە ڕەنگ بووە تایبەتمەندی باڵادەستی مەودا. وە لە کتێبی تۆماری تەلارسازی بە ناوی (تایبەتمەندی ڕوناکی گۆڕینی ڕەنگ) هەیە کە پێشنیازی ئەوە دەکات دیزاینەران وەک فیلێک، تەکنەلۆژیا لەگەڵ ڕەنگ بەکاربهێنن
بەڵام بە وریایی. (Clifford, 2002, p. 166)
بۆ نمونە شوێنی دانیشتن و ماوە بەسەربردن لە شاری هەولێر کافتریای The spot گەواهیدەری وتەکانی توێژەرن کە لە گەرەکی گوڵان ستیە، سەیری فەزاکە دەکەیت بە ڕەنگی سپی و خۆڵەمێشی دیوارەکانی ڕوپۆش کراوە، وە کەلوپەلەکان بە ڕەنگی (زەرد، ڕەش، ئۆکەری) ڕوپۆش کراوە، کە تیشکی ڕەنگی ڕوناکی دەستکردی پێشکەوتوی تیا بەکارهێنراوە بە ڕەنگی مۆر، بۆتە هۆی کاردانەوەی گۆڕانکاری ڕەنگەکانی ناو فازایەکە و کاریگەریی لەسەر سەرنج و هەستی بەکارهێنەر دروست کردووە، وەک لە وێنەکانی (٩-١٠) دا دیارە.

## سێیەم: ڕەنگ و کاریگەرییەکانی لەسەر لایەنی دەرونی بەکارهێنەر:

ڕەنگ توانای گەیاندنی هەستی سۆزداری و تا ڕادەیەکی زۆر بەرپرسە لەو هەستانە، بەو پێیەی ڕەنگەکان کاریگەری دور مەودایان هەیە لەسەر چالاکییە گرنگەکانی جەستەی مرۆڤ و ئاراستەکردنی بەرەو کاردانەوە و هەستە خۆنەویستەکان هەیە. (محمد، ٢٠١٠، ل ٧٢)
ئەم کاریگەرییانە پەیوەندییان بە پشکنینی کاریگەریی ڕەنگەوە لەسەر دەرونی بینەر هەیە ، ڕەنگ کاردانەوەی تەنها بینراو نییە و وەسفێکی بابەتیی ماددە ڕەنگاوڕەنگەکە و دەرکەوتنی دەرەکی شتەکان و تەنها ئاماژەبێ و جیای بکاتەوە. بەڵکو هێما و مانایەکی ئاڵۆزە، واتە زیاترە لە لەرینێکی ڕوناکی و تەنها بونی فیزیکیە، بەپێی ئەوەی ئەلێکساندەر شاوس پێیوایە "کاتێک وزەی ڕوناکی دەچێتە ناو جەستەمانەوە، ڕژێنەکانی نوخامی (pituitary) و پینیڵ (pineal) هان دەدات. وە ئەمەش لە بەرامبەردا دەبێتە هۆی دەردانی هەندێک هۆرمۆن، کە کۆمەڵێک پرۆسەی فیزیۆلۆژی دەستپێدەکات و ئەمەش ئەوە ڕون دەکاتەوە کە ڕەنگەکان کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆیان بەسەر بیرکردنەوە و مەزاج و ڕەفتارەکانماندا هەیە". (یاسین، ٢٠٠٧، ل ٦٦)
ڕەنگ دەبێتە هۆی دڵخۆشی یان دڵتەنگی و لە کاتەکانی تریشدا سەرنجی خەڵک ڕادەکێشێت هەندێک ڕەنگ کاریگەریی ئەرێنییان هەیە، وە هەندێکیان مامناوەندن، هەروەها هەندێکی تریش کاریگەری نەرێنییان لەسەر بەکارهێنەران هەیە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp1-12




وێنەکانی (٩-١٠) کافتریای The spot لە گوڵان ستی، بە ڕەنگی سپی و خۆڵەمێشی، لەگەڵ کاردانەوەی ڕوناکی دەستکردی (LED) بە ڕەنگی مۆر

بۆ نمونە ئەو شوێنەی کە زیاتر ژاوەژاوە ڕەنگی بریسکەداری تێدا بۆیە کراوە، وە ڕەنگە گەرمەکان دەبێت هەستیارتر مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت بەراورد بە ڕەنگە ساردەکان. (جاسم، ٢٠٠٧، لا ٢٧-٣٠)

بەمشێوەیە ئێمە لە ڕێگەی ناوەڕۆک و گرنگی شوێنەکەیەوە هەست بە جوانی ڕەنگ دەکەین، دابەشکردنی ڕەنگ پێویستی بە هەڵبژاردنی باش و گونجانی ڕێژە هەیە، هەروەها ڕەنگەکان بە پێی پلەی ڕوناکیەکەی کە تێیدایە دەبینرێن، وە بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بگونجێت دیزاین بکرێن ئەگەر ڕەنگ بە شێوەیەکی کاریگەر بەکارهێنرێت، ئەوا چەندین ئەنجامی جوانکاری و دەربڕین دەدات بۆ ڕونکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕاستەوخۆی کاریگەریە دەروونییەکان. لێرەدا دەزانرێت ڕادەی ئەو کاریگەرییەی کە بەهاکانی ڕەنگ لەسەر... بەکارهێنەر لە ڕێگەی فرەیی پۆلەکانیانەوە و بەپێی ئارەزوو و مەیلی خۆیان، ئەمەش لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانەوە سەلمێنراوە کە دیزاینەکانیان بە ڕەنگەکان ئەولەویەتیان داوە بۆ سەرکەوتن و کاریگەریی، وە زمانێکی جوانییە و لە هەمان کاتدا زمانێکی... دەربڕینە، وەک چۆن لەو ڕێگەیەوە دیزاینەری فەزا بازرگانیەکان سروشتی بیرۆکەکە و تەکنیکەکانی دیزاینەکەی ئاوێزە دەکات. (نصیف، ٢٠٠٢، لا ٣١)

### چوارەم: ڕۆڵی پێشکەوتن لەسەر ڕەوتی ڕەنگی هاوچەرخ:

ڕەنگ توخمێکی سەرەکییە لە زۆربەی دیزاینەکانی ناوەوەی هاوچەرخدا، وە پرۆسەی ڕەنگکردن یەکێکە لە چارەسەرە سادە و کەمترین نرخەکان، بەو پێیەی کە لە شێوازە تەکنیکییە نوێیەکان وەرگیراون بۆ بەکارهێنانی ڕەنگی سپی لە بۆیەکردنی فەزای ناوەوەی کافتریاکان، بەو پێیەی بێلایەنە و هەموو ڕەنگەکان لە ڕوناکی دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ بەدەستهێنانی کەشێکی سەرنجڕاکێش لە فەزاکەدا. (Sam, 2003, p 292)
تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنی کۆمەڵگا پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ گەشەسەندنی فەزای ناوەوە و ڕەنگە جۆراوجۆرەکانی توخمەکان کە ((سەردەمێکی نوێ لە فەزای هونەردا دەستی بە زاڵبون کردووە، لە ئەنجامی ئەو دەست وەردان و بەریەککەوتنە مەعریفییە گەورەیەی کە لە نێوان تەکنەلۆژیای زانیاری و سیستەمی بەکاربردن و چەمکە نوێیەکان لە ژیانی هاوچەرخماندا ڕوودەدات)) (بلاسم، ٢٠٠٥، لا ٥٥).
وە لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم ڕوپۆشی نانۆتێکنۆلۆجی هاتەکایەوە، کە یارمەتی دەری فەزای ناوەوەی دا بۆ دەوڵەمەندکردنی لایەنی کارایی و هەروەها لایەنی جوانکاری، کە زیاتر بەرگری لە دژی میکرۆب و بۆنە ناخۆشەکان دەکات لەگەڵ توانای خۆپاککردنەوەی ڕوکارەکان بە بەکارهێنانی نانۆمادده (Nriakes) بۆ دیوار و فەرش و کەلوپەل، کە ئەمەش ڕێگە دەدات بە باشترکردنی کوالیتی هەوا و خۆپاککردنەوەی ڕەنگ لە شوێنی ناوەوە و بە یارمەتی ماددەی هەڵمژین (Resorptive) کە کاردەکەن بۆ شیکردنەوەی گازە بۆنخۆشەکان بە شێوەیەکی کیمیایی لە ڕێگەی ئەو نانۆگەردیلانەی کە ڕەنگە بێ زیانەکە پێکدەهێنن بۆ بەرهەمهێنانی هەڵمی خۆش، ئەمەش کاریگەریی لەسەر هەستی بۆنکردن دەبێت و بەمشێوەیە کاریگەریی لەسەر گشتیی ئێمە دەبێت هەستکردن بە باشی و فراوانی، بەتایبەتی لە فەزای ناوەوەی کافتریاکان، بەهۆی بەکارهێنانی زۆری ئەم فەزایانە لەلایەن میوانەکانەوە، کە بنەمای شوێنی پێشوازیکردنە. (Sylvia, 2008, p 104)

### نیشاندەری چوارچێوەی تیۆری:

- لە فەزای بازرگانی هاوچەرخ ڕەنگی بوێر و زیندویان تێدایە. ئەم ڕەنگە زیندوانە نوێنەرایەتی جیابونەوە لە پالێتە تەقلیدییەکان دەکەن.
- لە ڕەوتی هاوچەرخ ڕەنگ وەک ئامرازێکی ناسنامە دێت بۆ پێناسەکردنی فەزا و ڕەهەندێکی دیزاینەکەی بە لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندی کردنی ڕەنگی سارد و گەرم و گەش و ماتەکان، هەروەها ڕەنگە زاڵەکان.
- لە ڕەوتی ڕەنگی هاوچەرخدا بێج و تێراکۆتا بەناوبانگن، چونکە قووڵی و ئارامی بۆ فەزاکان زیاد دەکەن، وە ڕەنگی زەیتونی و ئۆکەری و قاوەیی و شین و سەوز بەردەوامە لە زاڵبون بەسەر ناوەوەی هاوچەرخدا.
- ڕەنگ گۆڕانکاری لە لایەنی دەرونی و میزاج و هەست و ئەزمونە جوانکارییەکانماندا دەکات.
- کۆنتراستی ڕەنگەکان لە ئەنجامی گۆڕانی سەرچاوەی ڕەنگ، بەها، یان چڕی دەبێت.
- ڕەوتی ڕەنگی هاوچەرخ ڕەنگدانەوەی ئارەزووەکانی ئێستا و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان و داهێنانەکانی دیزاینەرە.
- ڕوناکی پێشکەوتوی (LED)ی هۆشیاریی نوێکردەوە سەبارەت بە توانای ڕوناکی ڕەنگاوڕەنگ و کاریگەری کردە سەر فازای ناوەوەی ڕەنگی هاوچەرخ.
- لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم ڕوپۆشی نانۆتێکنۆلۆجی هاتەکایەوە، کە یارمەتی دەری فەزای ناوەوەی دا بۆ دەوڵەمەندکردنی لایەنی کارایی و هەروەها لایەنی جوانکاری.

### بەشی سێیەم : ئامرازی شیکردنەوە:

1. **کۆمەڵگەی توێژینەوە:** دیزاینی فەزای ناوەوەی کافتریاکانی سنوری

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp1-12

توێژینەوەکەی لەخۆگرتوە، بە لەبەرچاوگرتنی فراوانی کۆمەڵگا، بە گونجاومان زانی کە لێکۆڵینەوە لە بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا بکەین بەژمارەی (٣) نمونە.

2. **نمونەی توێژینەوە:** نمونەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە بە مەبەست و بە شێوەیەک هەڵبژێردراون کە لەگەڵ نیشاندەرەکاندا بگونجێت، کە توێژەران لە چوارچێوەی تیۆریدا ئاماژەیان پێدان، وە نمونەکان بۆ ئەم پاساوانەی خوارەوە هەڵبژێردران:
   - نمونەکان پێداویستییەکانی توێژینەوە سەبارەت بە بەکارهێنانی ڕەوتی دیزاینی هاوچەرخ لە فەزای ناوەوەدا جێبەجێ دەکەن.
   - بە شێوەیەک هەڵبژێردراوە کە لەگەڵ ئامانج و سنورەکانی توێژینەوەکەدا بگونجێت.
3. **شێوازی توێژینەوە:** توێژەر شێوازی شیکاری وەسفیی وەرگرتووە، چونکە گونجاوترینە بۆ ئەمجۆرە لێکۆڵینەوەیە.
4. **ئامرازەکانی توێژینەوە:** نمونەکان گرنگترین بابەتەکانیان لەخۆ گرتوە لە شیکارییەکەدا، بە پشت بەستن بە نیشاندەری چوارچێوەی تیۆری.

## شیکردنەوەی نمونەکان

### نمونەی یەکەم/ کافتریای ئەمەزۆن، هەولێر



وێنەی (١)



وێنەی (٢)



وێنەی (٣)




وێنەی (٤)

وەسفی گشتی

| | |
|---|---|
| ناوی فەزا | ئەمەزۆن ڕێست |
| شوێن | گوڵان تاوەر |
| پێوانە | ٤٧٥م$^{٢}$ |
| ساڵی دروستکردن | ٢٠١٥ |

**فە**زاکە بە شێوەی لاکێشەیە، واتە پانی (١٩) مەترو درێژی (٢٥) مەترە، وە فەزایەکە بە ڕەنگی بێج و خۆڵەمێشی کاڵ ڕوپۆش کراوە، وە کەلوپەلەکان بریتین لە (٢٩) مێز کە بە مەتریاڵی دار دروست کراوە بە ڕەنگی ئۆکەری، وە لە (١١٦) کورسی پێکهاتوە، کە (٢٥)یان بە قوماشی کەسکی زەیتونی ڕوپۆشکراون، وە ئەوانیتر بە دار دیزاین کراون بە هەمان ڕەنگی مێزەکان. وە (١٢) قەنەفەی لە ڕەنگی قاوەیی تۆخی تێدایە، هەروەها زەویەکە بە مەتریاڵی دار ڕوپۆشکراوە، بە ڕەنگی قاوەیی و بێجی، هەروەها هەشت دینگەی تێدایە کە ڕوپۆش کراون بە مەتریاڵی دار بە ڕەنگی ئۆکەری و قاوەی تۆخ، وە ڕوناکی دەسکرد بە ڕوناکی شەمسی (Warm white) جۆری (LED) دیزاین کراوە. وەک لە وێنەی (١، ٢، ٣، ٤)دا دیارە.

**شیکردنەوە:**

1. لایەنی ڕەنگ، جۆری ڕەنگی زەیتونی، بێجی، قاوەی، ئۆکەری خۆڵەمێشی کاڵی تێدا بەکارهاتوە، واتە ڕەنگەکان لەسروشت وەرگیراوە، کە ڕەوتی هاوچەرخ، پشتگیری

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp1-12

لەو ڕەنگانە دەکات.

2. ناسنامەی فازاکە بەهۆی ڕەنگە سارد و گەرمەکانەوە دیاریدەکات، کە کاریگەریی سروشت و ژینگەی بەسەریانەوە زاڵە.

3. ڕەنگەکان بەشێوەیەک داندراون کە لایەنی دەرونی بەکارهێنەر ئارام دەکاتەوەو خۆشی پێ دەبەخشێت.

4. ڕەنگ بە شێوەی کۆنتراست بەکارهاتوە، کە توانای دیزاینەری پێوە دیارە، کە بە گشتی وەک تابلۆیەک دەبینرێ، هۆکارێکە بۆ زیاتر مانەوەی بەکارهێنەران.

5. ڕوناکی دەستکردی هاوچەرخ باڵی کێشاوەتە ناو فەزاکەو پشتگیریەکی بەهێز لە ڕەنگەکان دەکات بە هۆی تۆنی ڕوناکیەکەی کە سپی گەرمە، وە ئەمجۆرە تۆنە لە ڕەوتی دیزاینی هاوچەرخ سەری هەڵدا.

6. دیزاینەکە پێشکەوتنی سەردەمی پێوەدیارە بەهاوکاری ڕەنگ و ڕوناکیەکانیش کە چۆن کاریگەرییان کردۆتە سەر ڕەنگەکان بە تایبەتی و فەزاکە بە گشتی. وەک لە وێنەی (١، ٢، ٣، ٤)دا دیارە.

**نمونەی دووەم/ کافتریای ئۆرگن وۆک، هەولێر**




وێنەی (٥)




وێنەی (٦)



وێنەی (٧)



وێنەی (٨)

**وەسفی گشتی**

| | |
|---|---|
| ناوی فەزا | Origin wok |
| شوێن | عەنکاوە |
| پێوانە | ٢٦٣م٢ |
| ساڵی دروستکردن | ٢٠٢٠ |

فەزاکە بە شێوەی چوارگۆشەیە، واتە لایەکی پانی (١٥) مەترو پانیەکەی تری (٩) مەترە بە شێوەی لارە، وە درێژی (٢٠) مەترە، وە فەزایەکە بە ڕەنگی خۆڵەمێشی کاڵ و تۆخ لەگەڵ پیرۆزەیی و قاوەی ڕوپۆش کراوە، وە کەلوپەلەکان بریتین لە (١٣) مێز کە بە مەتریاڵی دار دیزاین کراون بە ڕەنگی بێجی، وە لە (٥٢) کورسی پێکهاتوە، کە بە دار و قماشی خۆڵەمێشی دیزاین کراون بە هەمان ڕەنگی مێزەکان. وە کاونتەرێکی تێدایە کە لە وێنەی پیتی ئێڵی ئینگلیزئە بە پێوانەی (٨) بە (٦) مەترە وە بە ڕەنگی زەرد و خۆڵەمێشی تۆخ ڕوپۆش کراوە، هەروەها زەویەکە بە گرانێت ڕوپۆشکراوە با ڕەنگی خۆڵامێشی، هەروەها یەک دینگەی ئاسنی تێدایە کە ڕوپۆش کراوە بە ڕەنگی خۆڵەمێشی تۆخ، وە ڕوناکی دەسکرد بە ڕوناکی شەمسی (Warm white) جۆری (LED) دیزاین کراوە. وەک لە وێنەی (٥، ٦، ٧، ٨)دا دیارە.

**شیکردنەوە:**

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp1-12

1. لایەنی ڕەنگ، جۆری ڕەنگی زەرد، پیرۆزەی، قاوەی، بێجی، خۆڵەمێشی کاڵ و تۆخی تێدا بەکارهاتوە، واتە ڕەنگەکان دورن لە پالێتە تەقلیدیەکان، کە ڕەوتی هاوچەرخ پشتگیری لەو ڕەنگانە دەکات.

2. کاردانەوەی ڕەنگی پیرۆزەیی مات ناسنامەی فەزاکە دیاریدەکات، کە لە فەزا تەقلیدیەکان ناچێت.

3. ڕەنگەکان هاوکارن بۆ ئارام کردنی لایەنی دەرونی بەکارهێنەر و خۆشی پێ دەبەخشێت.

4. ڕەنگ بە شێوەی کۆنتراست بەکارهاتوە، کە کە زانستیانە دارێژراوە، کە بە گشتی وەک تابلۆیەک دەبینرێ، هاوکاری بەکارهێنەران دەکات.

5. ڕوناکی دەستکردی هاوچەرخ باڵی کێشاوەتە ناو فەزاکەو کاردانەوەی کردۆتە سەر ڕەنگەکانی ناو فەزاکە، وە بە هۆی تۆنی ڕوناکیەکەی کە سپی گەرمە، وە ئەمجۆرە تۆنە لە ڕەوتی دیزاینی هاوچەرخ سەری هەڵدا، وەک لە وێنەکانی (٥، ٦، ٧، ٨)دا دیارە.

6. دیزاینەکە پێشکەوتنی سەردەمی پیوەدیارە بەهۆی تۆنی ڕەنگەکان و ڕوناکیەکانیش کە چۆن کاریگەرییان کردۆتە سەر ڕەنگەکانی ناو فەزاکە، وەک لە وێنەی (٥، ٦، ٧، ٨)دا دیارە.

**نمونەی سێیەم/کافتریای ئەدە، هەولێر**



وێنەی (٩)



وێنەی (١٠)



وێنەی (١١)



وێنەی (١٢)

**وەسفی گشتی:**

| | |
|---|---|
| ناوی فەزا | Ada cafe |
| شوێن | فاملی مۆڵ/ هەولێر |
| ڕووبەر | ٢٥٠م٢ |
| ساڵی دروستکردن | ٢٠١٨ |

فەزاکە بە شێوەی لاکێشەیە، واتە پانیەکەی (١٠) مەترە و درێژیەکەی (٢٥) مەترە، وە فەزایەکە بە ڕەنگی سپی گەرم و بێجی ڕوپۆش کراوە، وە کەلوپەلەکان بریتین لە (١٤) مێز کە بە مەتریاڵی دار دیزاین کراون کە (١٢) دانە چوارگۆشەن و بە ڕەنگی بێجی ڕوپۆشکراون، وە (٢) دانەیان بازنەیین و بە ڕەنگی سپی ڕوپۆش کراون ، وەک لە وێنەی (١٢)دا دیارە، وە لە (٥٦) کورسی پێکهاتووە، کە بە دار و قماش دیزاین کراون بە ڕەنگی (شین، زەرد، پەمەی، سۆر، سەوز، سپی) ڕوپۆش کراون، هەروەها زەویەکە بە تێکسچەری دار ڕوپۆش کراوە بە ڕەنگی ئۆکەری، هەروەها شەش دینگەی تێدایە کە ڕوپۆش کراوە بە کاغەزی دیوار بە ڕەنگی ئۆکەری و قاوەی، وە ڕوناکی دەسکرد بە ڕوناکی شەمسی (Warm white) و زەرد جۆری (LED) دیزاین کراوە. وەک لە وێنەی (٩، ١٠، ١١، ١٢)دا دیارە.

**شیکردنەوە:**

1. لایەنی ڕەنگ، جۆری ڕەنگی شین، زەرد، پەمەی، سۆر، سەوز، سپی، بێجی تێدایە، واتە ڕەنگی سەرنج ڕاکێش بەکارهاتوە ، کە ڕەوتی هاوچەرخ پشتگیری لەو

ڕەنگانە دەکات و هاوکارە بۆ زیاتر مانەوەی میوان لەم فەزایە.

2. کاردانەوەی ڕەنگە سارد و گەرمەکان زاڵە کە ناسنامەی فەزاکە دیاری دەکات، لە فەزا تەقلیدیەکان ناچێت، وە کۆمەڵە ڕەنگەی تێدا بەکار هاتووە بە شێوەی زانستیانە تێکەڵ یەک کراوە.
3. ڕەنگەکان هاوکارن بۆ چالاک کردنی لایەنی دەرونی بەکارهێنەر و خۆشی پێ دەبەخشێت.
4. ڕەنگ بە شێوەی کۆنتراست بەکارهاتوە، کە بە گشتی وەک تابلۆیەک دەبینرێ، هاوکاری بەکارهێنەران دەکات.
5. ڕوناکی دەستکردی هاوچەرخ باڵی کێشاوەتە ناو فەزاکەو کاردانەوەی کردۆتە سەر ڕەنگەکانی ناو فەزاکە، وە بە هۆی تۆنی ڕوناکیەکەی کە سپی گەرم و زەردە، وە ئەمجۆرە تۆنانە لە ڕەوتی دیزایینی هاوچەرخ سەریهەڵدا، وەک لە وێنەکانی (٩) دا دیارە.
6. دیزاینەکە پێشکەوتنی سەردەمی پێوەدیارە بەهۆی تۆنی ڕەنگەکان و ڕوناکیەکانیش کە چۆن کاریگەریان کردۆتە سەر ڕەنگەکانی ناو فەزاکە، وەک لە وێنەی (٩، ١٠، ١١، ١٢) دا دیارە.

## بەشی چوارەم/ ئەنجام و دەرئەنجام، ڕاسپاردە و پێشنیاز

### ئەنجام:

1. بە شێوەیەکی گشتی ڕەوتی ڕەنگی هاوچەرخی تێدا بەکارهاتووە، چونکە دورن لە پالێتی تەقلیدیەکان.
2. لە نمونەکان دەریدەخات کە ڕەنگ هاوکارە بۆ دیاریکردنی ناسنامە لە فازایەکی بازرگانی، لە دیزایینی هاوچەرخ.
3. ڕەنگەکانی ناو فەزاکان بەگشتی کاریگەرن لەسەر چالاکی لایەنی دەرونی بەکارهێنەر.
4. لە فەزاکان بە گشتی ڕەنگ وەک کۆنتراست بەکار هێنراوە، بۆ سەرنج ڕاکێشی بەکارهێنەر.
5. ڕوناکی دەستکردی هاوچەرخ لەم فەزایانە، هاوکاریەکی بەرچاوی کردۆتە سەر ڕەنگی هاوچەرخ.
6. فەزاکان بە گشتی، پێشکەوتنی سەردەمیانەیان پێوە دیارە.

### دەرئەنجام:

1. ڕەوتی ڕەنگی هاوچەرخ لە فازا بازرگانیەکان دورن لە ڕەنگی پالێتە تەقلیدیەکان.
2. ڕەنگ هۆکارێکە بۆ دەستنیشانکردنی ناسنامەی فەزایەکی بازرگانی.
3. ڕەنگ کاریگەریەکی بەرچاو دەکاتە سەر چالاکی لایەنی دەرونی بەکارهێنەر، لە فەزا بازرگانیەکان.
4. لە ڕەوتی هاوچەرخ، ڕەنگی کۆنتراست زیاتر بەکار دەهێنرێت لە فەزا بازرگانیەکان.
5. ڕەوتی ڕوناکی دەستکردی پێشکەوتو هاوکارە بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشی و یارمەتی دەری ڕەنگەکانە بە گشتی.
6. لە فەزا بازرگانیەکان پێشکەوتنی بەرچاوی پێوە دیارە، لە لایەنی دیزایین بە گشتی و چۆنیەتی دارشتنی ڕەنگەکان بە تایبەتی.

### ڕاسپاردە:

توێژەران ڕاسپاردە دەکەن لەسەر دەزگا پەیوەندی دارەکان، کە کەسی بە ئەزمون و شارەزا دابنێن بۆ ئەوەی زیاتر هاوکاری بازرگانەکان بن بۆ ئەو جۆرە ڕەنگانەی کە بەکاری دەهێنن لە شوێنە بازرگانیەکان، کە (Corporate Identity) پێوە دیاربێت، واتە ڕەنگەکان ناسنامای کۆمپانیاکە دیارییکات.

### پێشنیاز:

**توێژەران ئەم ناونیشانانە پێشنیاز دەکەن**

1. دەرخستنی هاوسەنگی توخمەکان لە دیزایینی ناوەوەی فەزا بازرگانیەکان.
2. کاریگەریی ڕەوتی ڕوناکی هاوچەرخ لە دیزایینی ناوەوەی فەزا بازرگانیەکان.

## سەرچاوەکان:


بلاسم، محمد، (٢٠٠٥). "الفن والعولمة"، الأكاديمي، تصدر عن كلية الفنون الجميلة، جامعة بغداد، المجلد (١١) عدد (٤١).

بلاسم، محمد، (٢٠٠٨)، "الفن التشكيلي"، قراءة سيميائية في انساق الرسم، دار مجدلاوي.

جاسم، محمد نعمة، (2007)، "اثر اللون للفضاءات الداخلية في النشاط التسويقي للمباني التجارية دراسة متخصصة لفضاء بيع أثاث غرفة المعيشة"، رسالة ماجستير غير منشورة، الجامعة التكنولوجية، كلية الهندسة، قسم الهندسة المعمارية.

جودي، جبار، (٢٠١٢)، "جماليات السينوغرافيا في العرض المسرحي"، دائرة السينما والمسرح بغداد .

دافيدوف. لندا ، ل. (٢٠٠٠)، "موسوعة علم النفس الذاكرة الإدراك والوعي"، ترجمة. نجيب الفونس خزام ، دار الدولة للاستثمارات الثقافية، مصر.

الدرايسة، محمد عبد الله واخرون، (٢٠٠٨)، "تاريخ التصميم الجرافيكي"، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، عمان الاردن.

الربيعي، زينب جاسم، (٢٠١١)، "المفاهيم الجمالية في فن مابعد الحداثة"، اطروحة دكتوراة.

الربيعي، عباس جاسم، (٢٠١٦)، "التباين اللوني ودوره في اظهار الحركة في الفن البصري"، مجلة نابو للبحوث والدراسات، موقع كلية الفنون الجميلة جامعة بابل.

شيماء، حليم ناجي، (٢٠٠٧)، "جماليات الأشكال التراثية في الرسم العراقي المعاصر", رسالة ماجستير, كلية الفنون الجميلة، جامعة بابل .

الصفدي, عماد, (٢٠٠٨)، "اسس التصميم والتشكيل الفني"، منشورات جامعة دمشق، كلية الفنون الجميلة، قسم العمارة الداخلية .

عبد الله، اياد حسين ، (٢٠٠٨)، "فن التصميم-الفلسفة النظرية التطبيق"،ج3, دار الثقافة والاعلام، الشارقة، الامارات العربية المتحدة.

عزام، البزاز ونصيف جاسم محمد، (٢٠٠١)، "اسس التصميم الفني" ، جامعة بغداد ، بغداد.

العزاوي، حكمت رشيد، (٢٠٠٤)، "الجذب في بنية تصاميم اغلفة المجلات" (مجلة الف باء انموذجا)، اطروحة دكتوراه – غير منشورة – تصميم طباعي، كلية الفنون الجميلة، جامعة بغداد.

العطية، جليل، (٢٠٠٥)، "الألوان مرآة البهجة والحزن"، مجلة العربي، الكويت، وزارة الاعلام، العدد ( ٥٥٥ ).

عقيل، مهدي، (٢٠٠٨)، "السؤال الجمالي"، بغداد، جمعية الفنانين التشكيليين العراقيين.

كلي، بول، (٢٠٠٣)، "نظرية التشكيل"، ترجمة وتقديم، عادل السيوي، ط١، القاهرة، دار ميرت .

محمد، رواء مصطفى خلف ، (٢٠١٠) "تطوير أنظمة تصميم الفضاءات الداخلية لمعاهد المعاقين الاطفال"، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، كلية الفنون الجميلة، قسم التصميم الداخلي .

محمود، حسن إسماعيل، (٢٠٠٣)، "مبادئ علم الاتصال ونظريات التأثير"، ط١، الدار العالمية للنشر والتوزيع،مصر.

نصيف، جاسم محمد، (٢٠٠٢)، "مدخل في التصميم الاعلاني"، بغداد، طبع بموافقة وزارة الثقافة والاعلام.

ياسين، إيمان طه، (٢٠٠٧)، "الأنظمة اللونية ودورها في تحقيق التنوع اللوني في اخراج الاعلانات التجارية"، رسالة ماجستير غير منشورة،كلية الفنون الجميلة، جامعة بغداد.

Clifford A. Pearson, (2002), *"Morimoto, Philadelphia",* Architectural Record 190.

Harvey, Richard Schiffman، (2001), *"Suters sensation and perception an integrated approach"*, the state university john wily & sons.

Iteen, Johannes, (2004), *"The Art of Color";* Translated by. Ernst Van Hagen, Reinhold publishing Data; New York, printing 3.

Jack, William, (2024), *"Modern Trends in Interior Design Color Schemes"*, February, 5, Vibrant Tones:, https://www.linkedin.com/pulse/vibrant-tones-modern-trends-interior-design-color-schemes-william-aewef/ .

John F. Pile, (2003), *"interior design"*, Japan: Pearson/Prentice-Hall.

Julien, Ricard" (2004), *"Towards computational morphological description of sound"* Doctorate in Computer Science and Digital Communication Department of Technology-Universitat Pompeu Fabra- Barcelona.

Rachel, Goldfarb, (2008), Theory Studies: *"Archetypical Practices of Contemporary Resort and Spa Design"*, M.A. Thesis, Cornell University.

SAM, KUBBA, (2003), *"Space Planning for Commercial and Resident Al Interiors"*, United States.

Sylvia Leydecker, (2008), *"Nano Materials in Architecture, Interior Architecture and Design"*, Germany, Berlin.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp1-12